بانکی ناوەندی عێراق ژمارەیەک بانك و دامەزراوەی دارایی نابانکیدا سزادەدات

بانکی ناوەندی عێراق رایگەیاند، لەوەرزی چوارەمی ساڵی 2024دا، بەبڕی 29 ملیار دینار سزایان بەسەر ژمارەیەك لە بانك و دامەزراوەی دارای نابانکیدا سەپاندوە.

بانکی ناوەندی لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، "بە پشتبەستن بە پرەنسیپی شەفافیەت و ڕێی سەرپەرشتیاری چاودێریکردن کە بانکی ناوەندی عێراقی بەسەر بانکەکان و دامەزراوە دارایيە نابانکییەکان هەیەتی بۆ دڵنیابون لە پابەندبون و چونەژێرباریان گوڕایەڵی بە یاسا و ڕێنمایی و مەرجەکانی ڕێکخستنی کارەکانیان بە مەبەستی بنیاتنانی کەرتێکی بانکی تۆکمە و سەقامگیر بانکی ناوەندی عێراقی سزای دارایی و کارگێڕی بەسەر بانکەکان و دامەزراوە دارایيە نابانکییەکاندا دەسەپێنێت کە ناچننە ژێربار گوڕایەڵییەکان و پابەندی ڕێسا و یاسا و ڕێنمایی و مەرجەکانمان نابن.

سزاکانی بانکی ناوەندی بەسەر بانك و دامەزراوە نابانکیەکان:

یەکەم:

مانگی 10 تشرینی یەکەم سێ سزای کارگێڕی بە بڕی 20,057,528,666

دوەم:

مانگی 11 تشرینی دوەهەم شەش سزای کارگێڕی بە بڕی 3,247,603,507

سێیەم:

مانگی 12 کانونی یەکەم 8 سزای کارگێڕی بە بڕی 5,950,089,439

بانکی ناوەندی ئەوەشیخستەتەو، کە گشتی سزا کارگێییەکان بە وەرزی چوارەمی ساڵی رابردو 17 سزای کارگێڕی بون بە بڕی 29 ملیار و 255 ملیۆن و 221 هەزار و 612 دینار.